سەرۆکی حکیم پێشوازی لە شاندکی ئەنجومەنی ئوممەی کوێتی پێشوو کرد و دووپاتی کردەوە کە عێراق سەقامگیریيەك بەیەر دێبات کەپێشتر نەبووە و چانسی وەبەرهێنانیش زۆرە



بەڕێز عەمار حکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی پێشوازی لە شاندکی ئەنجومەنی پێشووی ئوممەی کوێتی کرد کە بەسەرۆکایەتی شێخ فەهد فەلاح بن جامع بوو، لەم دیدارەش باس لە پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و کوێت کرا بەشێوەیەك کە خزمەتی بەرژەوەندی هەردوو وڵات و گەلی برا بکات.

سەرۆکایەتی حکیم دووپاتی کردەوە کە گرنگی پەیوەندییە دوو قۆناغەکان لەسەر بنەمای ڕێز و بەرژەوەندی هاوبەش بن، هەروەها ستایشی سەردانی شاندە عەرەبییەکانی بۆ عێراق کرد و شانازی خێی بۆ دەستپێشخەریيانە دەربڕی کە ڕێنگدانەوەی ڕەحی برایەتی و لەکنزیکبوونەوەیە.
سەرۆکایەتی حکیم ئاماژەی کرد کە عێراق ئەمڕۆ لە دۆخێکی سەقامگیر لە ڕووی سیاسی و کەمەلایەتی و ئەمنی تێپەڕێ دەبێت کەپێشتر بۆخۆی نەبینیبوو، لەگەڵ پێشکەوتن لە پەیوەندی هەرێمی و نێودەوڵەتی، ئاوەش وایکرد کە ببێتە وەرکشپێکی گەورە لە سەرجەم پارێزگاکان بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و بەدی هێنانی گەشەپێدان.
لەکۆتایی دیدارەکە، سەرۆکایەتی حکیم داوای لە کەمپانیا کوێتییەکان کرد کە وەبەرهێنان لە عێراق بکەن لەبەر ئاوەی هێلی گرنگی وەبەرهێنان لە زۆربەی کەرتەکان بەردەستە و گوتیشی ئامادەبوونی کەمپانیا کوێتییەکان هەنگاوێکی گرنگە بۆ پتەوکردنی هاوکاری ئابووری نێوان هەردوو وڵات.